# دروست کردنی
# بۆکسی پاسۆرد بۆ فۆرم

محەمەد ئەبوبەکر تۆفیق

لەبواری تەکنۆلۆژی زانیاریدا جیهان پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە کە بەئای تی IT ناسراوە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە تائێستا کومپیوتەرەکانمان لەهاککردن بپارێزین و لەسەرتاسەری جیهاندا بایەخ بەپاراستنی فایل و کۆمپیوتەرەکان لەدزەکردن یان بردنی فایلەکان دەدرێت کە ناسراون بەچەتەی کۆمپیوتەر.

بۆ ئەم مەبەستە ئێستا دەیان بەرنامەی گرنگ هەیە وەك وانە لەزانکۆکانی جیهان بەزانکۆکانی کوردستانیشەوە دەخوێنرێت بەناوی SECURITY کە چەند جۆرێکە وەك دانانی وشەی نهێنی بۆ کۆمپیوتەرەکەت یان تەشفیرکردنی فایلەکەت یان دانانی بەرنامەی گرنگ، لێرەدا ئیمە باس لەچۆنیتی دروست کردنی بۆکسی پاسۆرد Password بۆ فۆرم بەزمانی فیژول بیسك لە DataBase-Access دەکەین.

بۆ دانانی وشەی نهێنی password بۆ فۆرمێك کە پێشتر دروستمان کردووە بەمشێوەیەی خوارەوە هەنگاوەکان جێبەجێ دەکەین:

1. سەرەتا دەبڵ کلیك دەکەین لەسەرشوێنی ئەو نیشانەیەی که لە و ێنە کە د ا دەرکەوتووە بۆکسێکمان بۆ دەردەکەوێت لەفۆرمەکەدا.

2. پاشان کلیك لەسەر Event دەکەین.









3. کلیك لەتەنیشت خانە سپییەکە دەکەین on load
4. بوکسێکی دیکەمان بۆ کۆدەکە فۆرمەکە خەزن بکە. دواتر فۆرمەکە بکەرەوە لەناو ئەو داتا بیسکەی کە دروستت کردووە کلیك



دەردەکەوێت کلیك لەسەر Code Builder دەکەین پاشان Ok
5. ئەم کۆدەی خوارەوە بنووسە لەگەڵ وشەی نهێنییەکە c4kurd یان هەر وشەیەکی دیکە بەئارەزووی خۆت بنووسە، پاش نووسینی لەفۆرمەکە دەکەیت بۆکسێکت نیشان دەدات داوای وشەی نهێنی دەکات وشە نهێنییەکە لەو بۆشایەی خوارەوە دەنووسیت پاشان Ok وەك لەوێنەکەدا دەرکەوتووە دواتر فۆرمەکەت بۆ دەکاتەوە، ئەگەر ئێمە



واپێویست بوو مەرجێك دابنێن ئەویش ئەوەیە ئەگەر هاتوو بۆ شەش جار وشەی نهێنییەکەت داناو هەڵەبوو بە بۆکسێك وەڵاممان بدەرەوە کە نووسرابێت وشەی نهێنییەکەت هەڵەیە واتە چوار جار بەهەڵە نووسیت یان نووسراوێك لەو جۆرە.

**بەمشێوە دەتوانین دروستی بکەین**

بەهەمان ڕێگەی پێشوو، بەڵام لەکاتی نووسینی کۆدەکە بەمشێوەیە دەنووسین پاش ئەوەی شەش جار بەهەڵە وشەی نهێنییەکەت لەبۆشاییەکەدا نووسی ئەوا بۆکسێك دەنووسیت- شەش جار وشە نهێنییەکەت بەهەڵە نووسی - ئەوەی لێرەدا جیاوازە لەنووسینی کۆدەکەدا ئەوەیە کە ئێمە ئامرازی forمان داناوە بۆئەوەی ماوەی نووسینی وشە نهێنییەکە دیاریبکات، بۆ نموونە لێرەدا من دەمەوێت شەش جار واتە 1 to 6، بەڵام ئەگەر یەکەم جار وشە نهێنییەکەت ڕاست بوو ئەوا فۆرمەکە بکەرەوە بچۆ بۆ کۆتایی کۆدەکە واتە بچۆ بۆ دێری Exit sub واتە لە loop ەکە دەربچۆ کە بەئامرازی for نووسیومە. بەڵام ئەگەر هەڵە بوو بەردەوام بۆ شەش جار دەتوانیت وشەی نهێنی تاقیبکەیتەوە و لەشەشەم جاردا MsgBox یێکی بۆ دێت دەڵێت وشەی نهێنییەکەت بەهەڵە نووسی وەك لەدواهەمین وێنەدا ڕوونکراوەتەوە.

